کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 17:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەیاننامەی (سەنتەری هۆشیاری تاک) سەبارەت بە دەرچوونی بڕیاری دادگای کردنی سەرانی ئەنفالّ (تاوان کۆندەبێت بەڵام لەبیرناکرێت)

خەڵكی سەربەرزی كوردستان، كەس و كاری شەهیدو ئەنفالكراوەكان، مرۆڤ دۆستان دیارە لای هەموومان ڕوون ئاشكرایە كە گەلی كوردستان بەدرێژیی مێژوو شۆڕشی لەپێناوی وەدەست هێنانی مافەڕەواكانیدا كردووەو هەمیشە ئاشتی وبرایەتی بەیەكەوەژیان و یەكتر قبوڵكردن و بەیەكسانی بونن تاكە هیواو ئاواتی ئەم گەلە زوڵم لێكراوەبووە، بۆیە دوژمنانی كوردو دیموكراسی ومافەكانی مرۆڤ توند تیژی وبەكارهێنانی ئاگرو ئاسن و زوڵم و ستەم و ڕەشەكوشی یان دەرهەق بەخەڵكی كوردستان كردووە هەرجارەو لەژێر ناوێك و بە بڕو بیانوێكەوە، بەڵام ئێمە هەمیشە بەباوڕو موتمانە بەخۆبوونەوە كارمان لەپێناوەی گەیشتن بەئامانجەكان و كۆششكردن بۆ وەدیهێنانای مافەسەرتایەكانی ژیان و هێنانەكایەی چەمكی دیموكراسی و یەسكانی كردووە، بۆیە دەڵێن هەرچەندە تاوان دژ بەمرۆڤ كۆندەبێت بەڵام هەرگیز لەبیرناچێتەوە، ئەمەش بەیاساو داگاییێكی عادیلانە دور لەهیچ هەڵچوون و تۆڵەسەندەوەییێك بۆمان دیاری دەكات، كەخۆی لە داگایكردنی سەدام و سەرانی بەعس دا ئەبینێتەوە، دیارە ڕۆژی 6\24 یەكێكە لەڕۆژەمێژوویەكانی گەلانی عیراق و كوردستان بەتایبەتی كە دواین دانیشتنی دادگایكردنی تاوانبارانی ئەنفال و كیمیابانە لەسەرووی هەمووشیانەوەعلی حسن مجید ناسراو بە علی كیمیاوی، پێمانوایە بەمە دڵی دایكی شەهیدان و كەس و كاری ئەنفالكراوەكان ئاوئەخواتەوە و ئیتر دەتوانن لەمەو دوا بەئارامی بخەوون، هیوادارین ئەم داگدایكرنە ببێتە نمونەیێك بۆهەموو ئەو تاوانبارانەی كە دەستان لەخوێنی هەرمرۆڤێك و لەهەر شوێنێكداهەبێت. داوا دەكەین لە بەرپرسانی حكومەتی عیراق و كوردستان دەكەین قرەبووی زیاتری كەس و كاری ئەنفالەكان بكەن وە بروانامەی ڕێزلێنان و نەتەوەییان پیبدەن بۆ ئەوەی ببێتە دیكۆمێتێكی نەتەوەی بۆ نەوەكانی داهاتوو

(سەنتەری هۆشیاری تاك)
2007\6\24

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.